# توندتیژی و بیرکردنەوە.. دەلاقەیەک بۆ سەرهەڵدانی بەرەنگاری

## تاڤگە سابیر

پەیڕەوکردنی توندوتیژی لەسەر ژنان دیاردەیەکە کە هیچکام لە ئێمەی ژن پێی نامۆ نین. ئێمەی ژن لە هەرکوێیەکی ئەم دوونیایە بین بەجۆرێک لەجۆرەکان ڕووبەڕووی دیاردەی توندوتیژی دەبینەوە. لەسەر هەر بیرو بۆچوونێکی سیاسی، فکری و مەعریفی بین یان..نا لایەنێکی هاوبەش بەیەکەوە گرێمان دەداتەوە، ئەوەیە کە ئێمە ژنین..! خودی (ژنبوون) واتە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانە ژنان لەگەڵ جۆرەها شێوەی توندوتیژی.

ئەو توندوتیژیانەش کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە کاتی نین و هەمیشە دەمانخاتە ژێر گوشارێکی دەروونی وەهاوە کە مانایەکی توند بە ئەقڵی ڕەگەزی مێدا شۆڕ بکاتەوە. هەموو ئاماژەکانیش پێمان دەڵێن " ژنبوون یاخود مێینەبوون، تاوانە".

هەندێکمان لەسەر ئەوە رادێ کە ئیدی ئاسییانە لەژێر ئەو گوشارەدا بژی، هەندێکیشمان ئەو گوشارەی پێی پەسند ناکرێ و دەکەوێتە نێو بایکۆتکردنێکی بێدەنگانەو تاوانکاری لە خودی خۆیدا دەبینێتەوەو وەک تابلۆیەکی فۆتۆگراگی وێنەکانی ئازادی لەخۆکوشتندا دەبینێتەوە.

بەداخەوە کەهێشتا لەکۆمەڵگاکەی ئێمەدا مانگانە بەدەیان ژن، کە ناتوانن بەرامبەر بەم گوشارو توندوتیژیانە چارەسەرێک بدۆزنەوە، خۆیان دەسووتێنن. دەستیان دەچێتە ژیانی خۆیان و کۆتایی پێیان وایە ئاگر بەخشێنەری ئازادییە. لەمەش ترسناکتر ئەو فکری ئەو ژنانهیە تەنها لەبەرئەوەی لێدانی باوک یان برای یاخود مێردی لەسەر نییە پێیان وایە لەو ژنانە نین کە توندوتیژیان لەسەر بێت. ئەمەش بەدحاڵیبونێکی گەورەیە، چونکە ئەو شێوازە توندوتیژییانەی کە لەکۆمەڵگاکەماندا پەیڕەو دەکرێن فێرمان دەکات کە هەموومان لەژێر توندوتیژیداین.

دیارە لێدان و دستدرێژی و ئەتکردن تەنها لەتوندوتیژیە ناسراوو بینراوەکانن کە ئێستا لەیاسای زۆربەی وولاتە پێشکەوتووەکاندا ئەم توندوتیژیە جەستەییانە بەتاوان دەژمێردرێن. بەلام لە کۆمەڵگای کوردی و ئیسلامی و دواکەوتووەکاندا هێشتا بەکارێکی ئاسایی دەژمێردرێن و وەک مافێکی رەوای پیاوان دەبینرێن.

جگە لەو توندوتیژیەی کە لە ناو ماڵەکاندا بەسەر ژنانەوە هەیە، کە رەنگەتاک و تەرا ژنان هەبن توندوتیژی نەیانگرێتەوە، هەروەها لەدەرەوش ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی دەبنەوە. لەوانە توندوتیژی داب و نەریتە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمە هەموو ئێمەی ژنانی گرتۆتەوە بەبێ جیاوازی. سەرچاوەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەقڵە پیاوسالارییەی تاکەکانی کۆمەڵگا کە لە منداڵیەوە بەپیتی گەورە ئەم تێزە لەناو مێشکیدا هەڵکۆڵدراون.

لەشی ژن بە قەدەغەو حەرام و گوناهو تاوانبار دەژمێردرێن. چۆن هەڵدەسێ، چۆن دادەنیشێ، چ جل و بەرگێ لەبەرکات، چۆن خواردن دەخوات، بەچ جۆرێک سەیر دەکات...!! ئەو ژنەی لەدەرەوەی ئەم قەدەغەو حەرام و گوناهانە بجولێتەوە لەلایەن کۆمەڵگاو خێزان و ناسیاوانیەوە لەکەدار دەکرێ و بەبێناموس و گوناهبارو تاوانباری ئەم دونیاو ئەو دونیا تەماشا دەکرێ. بەپێی یاساو رێساکانی دابونەریتیش تاوانبار سزا دەدرێ. کوشتن، ، بەردباران کردن، ئەتککردن، ئیهانەکردن و زۆری دیکە نموونەی هەرە زەقی سزاکانن. تەنانەت زۆر جاریش سووتاندن و پەنابردنە بەر خۆکوژی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و بەکارهێنانی هێزی پیاو، بە مانایەکی تر پیاوەکە ژن دەسوتێنێ کەچی خودی ژنەکە بە (خۆسوتاندن) تاوانبار دەکرێت.

جۆرێکی تری توندوتیژی که هه‌مووومان به‌بێده‌نگی قوتی ده‌ده‌ین و به‌سه‌ریدا ڕه‌ت ده‌بین ، ئه‌تکردنی ژنانه له‌لایه‌ن مێرده‌کانیانه‌وه. که‌س ئه‌م توندوتیژییه‌ی له‌لا نامۆ نییه! به‌ڵام به‌داخه‌وه وه‌ک مافێکی ڕه‌وای مێرد ده‌ناسرێ.
به‌بڕوای زۆرینه ڕێکخراوه فیمنیستییه‌کان و په‌ره‌گرتنی مافی ژنان و خه‌بات بۆ نه‌هێشتنی توندوتیژی دژی ئه‌م توێژه، مه‌یدانی تێزی پیاوسالاری له ئه‌قڵی پیاوان ته‌سک کردۆته‌وه. ئه‌مه‌ش مایه‌ی دڵخۆشییه. ئه‌وه‌ی هه‌میشه بیرمان لێکردۆته‌وه یه‌کسانی و دادپه‌روه‌ری. ئه‌گه‌ر رۆژێک له رۆژان به ره‌نگاری یه‌کێک له هه‌ڵوێسته‌کانی هاوسه‌رانمان بوبینه‌وه و کێشه‌مان بۆ دروست بووبایه، دڵنیاشبایین ئێمه له‌سه‌ر هه‌قین، له‌به‌ر خاتری تێکنه‌چوونی شیرازه‌ی خێزانه‌کانمان بۆ هاوسه‌ره‌کانمان ملمان که‌چ کردووه.، دابونه‌ریتیش، به‌تایبه‌تی ئه‌و نایه‌کسانیه‌ی له‌م کۆمه‌ڵگایه‌ی ئێمه‌دا له نێوان ژن و پیاودا هه‌یه، چۆکمان پێ داده‌دات.!! هه‌ر بۆیه‌ش له دوا ده‌نگداندا، ناتوانین وه‌ک خۆمان بیربکه‌ینه‌وه.
به‌ڕای من پێویسته ئێمه‌ی ژن خۆمان وه‌ڵامی پرسیاره‌کان بده‌ینه‌وه. توندوتیژی چند به‌هێز بێت توانای ئه‌وه‌ی نییه بیرکردنه‌وه‌مان زه‌وت بکات.

سوێد 2006